یونامی لەبارەی وازهێنانی پلاسخارت لە ئەرکەکەی لە عێراق رونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە

یونامی لە راگەیەندراوەکدا ئەو هەواڵانە ڕەتدەکاتەوە کە وازهێنانی جنین هەنس پلاسخارت لە ئەرکەکەی وەک نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق پێوەندی بە دەسیەی گەندەڵی ڕەکخراوەکی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە هەبێت.

یونامی راگەیەندراوەکی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوەکردووە، یونامی دەیەوێت ئەو زانیاری و هەواڵە چەواشەکارییانەی هەندێک لە میدیا و سۆشیال میدیاکانی عێراق ڕاستبکاتەوە سەبارەت بە پرسی کێتاییهاتنی ئەرکی پلاسخارت وەک نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق.

یونامی ڕوونیکردووەتەوە، کە وازهێنانی پلاسخارت لە ئەرکەکەی پێوەندی بە ڕەکارە ئاساییەکانی نەو دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان هەیە، کە بەشێوەیەکی ستاندارد بەرپرسانی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بەشێوەی خولی لە ئەرکەکانیان.

هەروەها یونامی لەبارەی ڕاپۆرتەکی ڕۆژنامەی گاردیانی بریتانی کە ئاماژەی بە بوونی گەندەڵی لە کارەکانی ڕەکخراوی "یو ئێن دی پی" لە عێراق باسی لێوەکردووە، لە ڕووی کارگێری و داراییەوە

کارەکانی یونامی و ئەو رەکخراوە جیاوازن.

یونامی داوای لە دەزگاکانی راگەیاندنەکانیش کردووە کە بە وردبینییەوە کار لەسەر بابەتەکە بکەن و خەیان لە زانیاری چەواشەکارانە بەدوور بگرن.